ڕێنمایی حکومی بۆ پەلکردن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێی شاری سەدر و چارەسەرکردنی بەربەستەکان



ئەمڕۆ پێنجشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ڕێنمایییدا بۆپەلکردن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی شاری سەدری نوێ و چارەسەرکردنی بەربەستەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتابیع کەوتووە بڵاویکردەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی بااڵی پڕۆژەی شاری سەدری نوێی کرد.

وتیشی لە میانی کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئەو بابەت و دۆسیانە کرا کە لە بەرنامەی کاردا هاتووە، لەوانە پێداچوونەوە بە ڕێکارەکانی لابردنی زیادەوی لە ناوچە دیاریکراوەکان بۆ دروستکردنی پڕۆژەکە و چاودێریکردنی کارە ژێرخانییە بەردەوامەکان کە لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکار و ئەمینداریەتی بەغدادەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕایشیگەیاند هەر لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بەو هەنگاو و بڕیارانە کرا کە گیراونەتەبەر بۆ پشخستنی ئەم پڕۆژەیە بۆپێی پلان و ستانداردە دامەزراوەکان، بۆ لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکەی لە

چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، بەتایبەتی کە وەک مەدەلێک بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەبینرێت و لە بەغداد و زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی جێبەجێ دەکرێن.

سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی بەردەوامیدان بە کارکردن لەسەر پڕۆژەکە بە خڕایی کردەوە، سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی ئاسپار هەوڵی خێیان بخەنگڕ بە چارەسەرکردنی هەر ناکۆکییەک یان کێشەیەک کە ڕووگری لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکات و ڕووشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە تەواوبوونی.

هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی کرد بۆ ئاوڕی بەدواداچوون بۆ هۆکاری دواکەوتنی دەستپێ وەبەرهێنانی نیشتمانی بکات لە پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی و ئەندازیاری تایبەت بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی تەکنیکی پڕۆژەکە و پەسەندکردنی دیزاینەکان.